## جگە لە ڕاپۆرتەکەی ( بیکەر ـ هامڵتۆن )
## ڕاسپاردەی شاراوەی تر هەیە !

بەهێز حوسێن
Bahez2006@hotmail.com

پێموایە واتایەکی نوێ بۆ سیاسەت هەیە ئەویش ئەوەیە "لەکوێ بەرژەوەندییەکانی خۆت دەبینیە و چۆنیان دەپارێزیت!؟ لە بەرامبەر بەخشینەکانت چەندەت دەست دەکەوێت "، کە هەر ئەمەش وەك ڕەنگدانەوەی سیاسیانەی ڕاپۆرتەکەی ( بیکەر ـ هامڵتۆن ) دەردەکەوێت !.
کە کوردیش لەم ڕاپۆرتە نیگەرانە پێویستە لەو بنەمایە ئگادار و شارەزابێت کە ڕاپۆرتەکەی لەسەر ئامادەکراوە و بزانێت لەبەر ڕۆشنایی ئەو خواستەدا ئێمە چیمان لێدەخوازرێت و دەتوانین چی بکەین ئەگەریش پێمان کرا چەند دەتوانین داوا بکەین!؟.
من هەر لە سەرەتاشەوە باوەڕم بەو قسانە نەبووە کە چ جۆرج بوش و چ سەرکردایەتی سیاسی ئێمە دەیانوتەوە کە گوایە لە شەڕی دژە تیرۆردا کورد هاوپەیمانی ئەمریکایە ! ، چونکە کورد لەو شەڕەدا هیچی پێنەکراوە و هیچیشی بۆ ناکرێت ، هەمووشمان باش دەزانین هەموو کورد و هێزە چەکدارەکانی نەیانتوانی لە شەڕی دژە تیرۆردا چەند سەد چەکدارێکی تیرۆرستی ( انصار الاسلام ) لە خوماڵ و هەورامانا ببەزێنن هەتا پەنایان بردە بەر مووشەکە ژیرەکانی کرۆز و هێزی مارێنز !، لە حاڵێکی ئاوادا ئەمە بە درۆیەکی گەورە دەزانم کە بەرژەوەندی ئەمریکا لەگەڵ ئێمە یەکدەگرێتەوە کە کورد هاوپەیمانیی بێت و لە پاڵ هێزەکانی ئەمریکا یان لە بری ئەو شەڕی دژە تیرۆری بۆ بکات ، هەر ئەوەندەمان لە دەست دێت کە دەست بە کڵاوەکەمانەوە بگرین و خۆمان نەبینە تیرۆرست ، خۆ ئەگەر کارێکی واشمان کرد لەم شەڕەدا دژی بوەستینەوە ئەوا تەنها بە هەڵکردنی گڵۆپێکی سەوز بۆ تورکیا دەتوانێ مەترسییەکانمان کەم بکاتەوە یان لە ناوچەیەکی بچوکدا گەمارۆبدات و ئێمەش هەرهیچ بەدەست نەهێنین .
کەواتە دەبێت پاش هەڵسەنگاندنی خۆمان و زانینی هێز و تواناکانمان و ئەوەی دەتوانین بیکەین ، بگەڕێین بەدوای ئەوەی کە ئێمەی کورد لەم گۆشە جوگرافیە بچوکەی جیهاندا چیمان بۆ دەکرێت بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا ، دەبێت ئەوە بزانین کە ئەمریکا ئێستا بە پێوانەی چیم دەدەیتێ و چیت بدەمێ کار ئەکات و ئەبێ بە وردی بیر لەوە بکەینەوە کە ئێمە چیمان هەیە و دەتوانین چی بدەین بە ئەمریکا تا بەبێ منەت شتێکی لێ داوابکەین .
پێموایە لە پاش هەرەسهێنانی بلۆکی ڕۆژهەڵات و هاتنە کایەی تاکجەمسەریی ئەمریکا ، ئیتر کاتی ئەوە بەسەر چووە بمانەوێت هەر بەزۆر خۆمان هەڵواسین ، ئەو قسەیە دووپات بکەینەوە کە" ئەگەر ئەمریکاش ئێمە بەهاوڕێی خۆی قبوڵ نەکات ئەوا ئێمە ئەو هەر بەهاوڕێی خۆمان دەزانین !"، واقیعی سیاسەت ئەمە نازانێت و ئەمریکاش هەمیشە وا سیاسەتی کردووە کە لە پاش هەر بەخشینێکیدا چی دەستدەکەوێتەوە ، زۆرتر یان کەمتر !؟.
بۆیە پێموایە نە ئەو کۆبوونەوەیەی پەرلەمانی کوردستان و ئەو یاداشتەی بەنیازن ئاراستەی کۆشکی سپی و کۆنگرێسی دەکەن و نە ئیمزاکۆکردنەوەی هاوڵاتیانی کوردستان و نە بەیاننامەکەی کاك مەسعود و نە مانگرتنی نیوکاتژمێری خوێندکارانی زانکۆ کاریگەریی لەسەر سیاسەتەکانی ئەمریکا لە عێراقدا دادەنێت نە داد و هاوار و فیغان ، بەڵکو ئەبێت ڕێگەیەك بدۆزینەوە بۆ پاراستنی بەشێکی گرنگی بەرژەوەندی ئەمریکا لەم ناوچەیە یان لانی کەم لەعێراقدا ،دەبێت ئەوەندە ڕۆڵمان هەبێت کە بتوانین لە هاوکێشە سیاسییە هەرێمایەتییەکان یان نێوخۆی عێراق بە بێ بوونمان ناهاوسەنگی دروست بکەین ، بەڵام ئێمە بمانەوێت بێوەییانە بژین و ئەمریکاش بێت و پێمان بڵێت ها کوڕە عاقڵەکەی کورد ئەوە مافەکانت یان ئەوە بەشێکی بەدیهاتووی خەونەکانت ، هەرگیز ناچێتە عەقڵەوە ..
بۆیە ئەوەی لە ڕاسپاردەکانی ( بیکەر هاملتۆن ) دا هاتووە شتی جدین و نەك تەنها بوش بەڵکو دەبێت سەرجەم سیاسییەکانی ئەمریکاش پابەندبن پێیەوە ، با سەرکردەکانی کوردیش دڵ بەو قسانەی بۆش خۆش نەکەن کە دەڵێت : من مولزەم نیم بە جێبەجێکردنییەوە .
ئەو لیژنەیە لیژنەیەکە کە هەردوو باڵەکەی ئەمریکا لە ئاداری ئەمساڵەوە کار بۆ پێکهێنانی دەکەن و ئەندامەکانیشی تا ئێستا بەشدارن لە داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و لیچنەیەکی موعتەبەرە و بە هاتوهاواری ئێمەش نابێت ئەو لیژنەیە بە ڕەسمی بناسین یان نا .

**لێرەدا پرسیارێکی گرنگ دێتە ئاراوە ئەویش ئەوەیە کە ئاخۆ ئەمریکا ، ئەو حکومەتەی چەندێك نەخشەی ڕاگەیەنراو و ئاشکرای هەیە ، ئەوەندە و زیاتریش نەخشە و پلان و پیلانی ژێراوژووری هەیە ، بەنهێنی چۆن نەخشەی کوردستان و عێراقی گۆڕیوە و سەری ئێمە بە کوێدا دەکات ؟.**

**باشە ئەگەر لە نەخشە و پلانە ڕاگەیەنراوەکانیاندا ئاوەها حیسابیان بۆ کورد کردبێت ،تۆبلێی لە نەخشە و پلان و پیلانە نهێنییەکانیاندا چەند حیسابیان بۆ کردووین ؟.**

**من نە سەرکردەم و نە لە ناوەندێکی ستراتیژی کوردستان کاردەکەم ، نە هیچ پۆستێکم لە ناوەند یان دەزگای ئاسایشی نەتەوەییدا هەیە و نە ئەوەندەش قسەم دەخوا ، بەڵام ئەوەندە دەزانم کە ماستە ترشاوەکەی ئەمریکا پڕیەتی لە گەندەموو ، دەبێ یان لەماستەکە نەخۆین ، یان ئەوەتا دەلاڵیی بۆ فرۆشتنی ئەو ماستە بکەین و بە شیرینترین و ساغ ترین ماست بیدەینە خەڵکی تر ! یان دەبێت گێلانە بە حوکم و بڕیارەکانی ئەمریکا قایل بین ، یان ئەوەتا چەند نا یەکی عاقڵانە بکەین و لە مەسەلەکان بگەین ، واقیعەکە باش بخوێنینەوە و داخوازییەکانی بەرامبەر بزانین چییە و وەك خۆی بۆ بەرژەوەندییەکانی بیر بکەینەوە ، دواتر کەرەستەی بۆ بخەین و بە (** هات و خوذ **- بێنە و بەرە ) بتوانین شتێك بکەین بۆ کورد و ئایندەیەکی زامن بۆ نەوەکا نمان دابین بکەین .**